# بۆ وا لە حەمە سەعید حەسەن دەکەن؟!! ولات

زۆر هەوڵمدا ناونیشانێکی گونجاو بۆ ئەم نووسینەم بدۆزمەوە، بەڵام دیسان کە ناونیشانەکەم بۆ دانا دیارە هەر قەناعەتم نەبوو پێی.
بە هەرحال، گرنگی سەرناوی ووتارەکە، کە لام ئەوەندە گرانبوو، دیارە هەلقولاوی گەورەی تێنەگەیشتنم بوو، لە هەلس و کەوتی کۆمەڵێ نووسەر و رۆشەنبیر لە ناو دووتوێی نووسینەکانیان، من قسەم لەسەر سەرکردایەتی سیاسی گەلەکەمان نییە کە تۆزقالێك بەرگەی رەخنە ناگرن، بەرگەی لەدەستدانی دەسەڵاتەکانیان ناگرن، بەلکو قسەم لە سەر رۆشەنبیرانە کاتێ باس لە نووسینەکانی یەکدی دەکەن و بەرگەی رای دیکە ناگرن. کارەساتەکە لیرەیە.
پێشتر من نووسینەکانی بەرێز (حەمە سەعید حەسەن) م نەخوێندۆتەوە جگە لەم دواییانە نەبێت لە سایتەکان چەند نووسینێکیم خوێندۆتەوە کە هەمووی رەخنەی لەجێگا و دیوی دیکەی ژیانی سیاسی و دەسەڵاتە، کە بە لایەنی کەمەوە بەبێ ئەم جۆرە رەخنانە، بویری و ئازایەتی رۆشەنبیران ناخولقێ و کۆمەلگا بە هەوەسی سەرکردایەتی سیاسی دەهاژوژترێ، کە کارەساتە! چونکە نەبوونی رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی جۆرێك لە رەهایی و دەستئاوەلایی سەرکردایەتی سیاسی هێناوەتە ئاراوە، کە رەنگە وەك چۆن پێشتر کۆمەلگا بە بێ ویستی خۆی چارەنووسی بە سەر سەپێنرابوو، ئاواش بە بەردەوامی دیسان لەژێر ناونیشانی جیاجیای نا لۆژیکی بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبردرێ.
جا سەیرم بەوە دێت، کاتێ یەکێ بێت و رەخنە لە هەلسوکەوتی سەرخانی کۆمەلکاکەی بگرێت، نووسینەکانی بە بێ پەردە و ناو گۆرین و زۆر ئازایانە بلاوبکاتەوە، لە هەمان کاتیشا هەندێ کەسێ بەناو رۆشەنیر، رەخنەی بێ بنەما بنووسن لە بەر هیچ نا تەنها هەر لە بەر ناوی ئەم نووسەرە، ئەمە چییە، کارەسات نییە! ئەم هەلس وکەوتە ناوی چی لێ دەنرێ؟!. بەرێز کاك حەمە سەعید حەسەن بە زمان و رێنووسێکی کوردی پارا و رۆن، نووسنینەکانی خۆی بۆ خوێنەران دەنووسێ و بە رەخنەی لە جێگاو و هۆشداری ئامێز بۆ باشترکردنی سەرخانی کۆمەلگای کوردەواری، خزمەتێك بە جوڵەی کۆمەلی کوردەواری دەگەیەنێ، لێ مەخابن کەسانێك هەن لە سەر بیرکردنەوە، لەنووسینەکانیان رەخنەی بێبنەما بەراست و چەپ دەوەشێنن. من لێرەدا داواکارم لە و کەسانە کە رەخنە بۆ مەبەستی رەخنە دەنووسن، ئەگەر دەیانەوی با بە بنەمای لۆژیکی نووسنەکانی ئەم بەرێزە بێ کاریگەر بکەن، رەنگە دەسەلات ئەم لا و ئەو لا نەزانێت نانبرای بکەن، بەلام خۆ دەکرێ رۆشەنبیران بە ویژدانانە لە نێو دووتوێ نووسنەکانیان رەخنەکانیان بکەنە هۆکارێکی دیکەی بۆ بە پێز کردنی نووسینەکانی ئەم زاتە.
رەنگە لە گەل هەموو بیر ورای ورژێنراوی نێو نووسینەکانی ئەم بەرێزە نەبم، بەلام ورژاندنی بابەتە مەترسیدارەکان، خۆی لە خۆیدا بە پێشینەکی پۆزەتیڤانە هەژمار دەکرێت بۆ خودی نووسەر.
لە نووسنەکانی ئەم بەرێزە جۆرە نوێکارییەك لە بیرکردنەوە دا هەیە، کە پێم وایە لە نێو هەموو تاکێك ئەم جۆرە بیرکردنەوە هەیە بەلام بەهۆی هۆکارگەلێك لە ناو خودی خۆی خەفەی پێدەکات، کە ئەمەش هۆکارێکی گەورە دەبێت لە دروستبوونی کەسایەتییەکی دووروو، من وای بۆ دەچم سەرخانی کۆمەلگاکەمان ئالوودەی ئەم دەردە پیسە بووە، کە نەك کۆمەلگایەکی دواکەتووی ئاوا وەك کۆمەلگای کوردەواری هێناوەتە ئاراوە، بەلکو کار وا

بروات بە هۆیەوەی ئاییندەکەشی لە دەست دەدات. ئەرێ دەکرێت لە عارب عارەبتر بین، لە ئیسلامی عارب ئیسلامیتر بین، نازانم ئەو هەموو برایەتییە درۆیە بۆ، ئەم هەموو دووروییە بۆ؟! کاتێ یەکێ دێت دەست لە سەر زامەکان دادەنێت بۆ رێزی لێنەگیرێت، بە لایەنی کەمەوە با لە لایەن رۆشەنفکران هانبدرێت بۆ زیاتر کارکردن لەسەر جەستەی ئەم کۆمەلگا نەخۆشە.
بێ رێزگرتن لە رای یەکدی و قەبولکردنی، ئەم جۆرە کەسایەتیانە وەك رۆشەنفکر و نووسەر حەمەسەعید دروست نابێ، گۆڕەپانیش والا دەبێت بۆ بەناو نووسەر و رۆشەنفکرەکانی دەسەلاتە نەخۆشەکە. کۆمەلگای نەخۆش هیچ وەبەرهەمناهێنێ بۆ حازر و ئاییندەی، جا بۆیە ئێمە وەکو کۆمەلگای کوردەواری بەبێ بوونی بیرو رای ئازاد وئازا ناگەینە پایەی وەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ.
لەگەل رێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو قەلەمە بوێرەکان.
. .Kak omer e Barez
.Slaw
.Tkaya am noosenaman bo bllaw bkarawa
wlat
بۆ وا لە حەمە سەعید حەسەن دەکەن؟!! ولات
زۆر هەولمدا ناونیشانێکی گونجاو بۆ ئەم نووسینەم بدۆزمەوە، بەلام دیسان کە ناونیشانەکەم بۆ دانا دیارە هەر قەناعەتم نەبوو پێی.
بە هەرحال، گرنگی سەرناوی ووتارەکە، کە لام ئەوەندە گرانبوو، دیارە هەلقولاوی گەورەی تێنەگەیشتنم بوو، لە هەلس و کەوتی کۆمەلێ نووسەر و رۆشەنبیر لە ناو دووتوێی نووسینەکانیان، من قسەم لەسەر سەرکردایەتی سیاسی گەلەکەمان نییە کە تۆزقالێك بەرگەی رەخنە ناگرن، بەرگەی لەدەستدانی دەسەلاتەکانیان ناگرن، بەلکو قسەم لە سەر رۆشەنبیرانە کاتێ باس لە نووسینەکانی یەکدی دەکەن و بەرگەی رای دیکە ناگرن. کارەساتەکە لیرەیە.
پێشتر من نووسینەکانی بەرێز (حەمە سەعید حەسەن) م نەخوێندۆتەوە جگە لەم دواییانە نەبێت لە سایتەکان چەند نووسینێکیم خوێندۆتەوە کە هەمووی رەخنەی لەجێگا و دیوی دیکەی ژیانی سیاسی و دەسەلاتە، کە بە لایەنی کەمەوە بەبێ ئەم جۆرە رەخنانە، بویری و ئازایەتی رۆشەنبیران ناخولقێ و کۆمەلگا بە هەوەسی سەرکردایەتی سیاسی دەهاژوژترێ، کە کارەساتە! چونکە نەبوونی رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی جۆرێك لە رەهایی و دەستئاوەلایی سەرکردایەتی سیاسی هێناوەتە ئاراوە، کە رەنگە وەك چۆن پێشتر کۆمەلگا بە بێ ویستی خۆی چارەنووسی بە سەر سەپێنرابوو، ئاواش بە بەردەوامی دیسان لەژێر ناونیشانی جیاجیای نا لۆژیکی بەرەو ئاییندەیەکی نادیار دەبردرێ.
جا سەیرم بەوە دێت، کاتێ یەکێ بێت و رەخنە لە هەلسوکەوتی سەرخانی کۆمەلکاکەی بگرێت، نووسینەکانی بە بێ پەردە و ناو گۆرین و زۆر ئازایانە بلاوبکاتەوە، لە هەمان کاتیشا هەندێ کەسێ بەناو رۆشەنیر، رەخنەی بێ بنەما بنووسن لە بەر هیچ نا تەنها هەر لە بەر ناوی ئەم نووسەرە، ئەمە چییە، کارەسات نییە! ئەم هەلس وکەوتە ناوی چی لێ دەنرێ؟!. بەرێز کاك حەمە سەعید حەسەن بە زمان و رێنووسێکی کوردی پارا و رۆن، نووسنینەکانی خۆی بۆ خوێنەران دەنووسێ و بە رەخنەی لە جێگاو و هۆشداری ئامێز بۆ باشترکردنی سەرخانی کۆمەلگای کوردەواری، خزمەتێك بە جولەی کۆمەلی کوردەواری دەگەیەنێ، لێ مەخابن کەسانێك هەن لە سەر بیرکردنەوە، لەنووسینەکانیان رەخنەی بێبنەما بەراست و چەپ دەوەشێنن. من لێرەدا داواکارم لە و کەسانە کە رەخنە بۆ

مەبەستی رەخنە دەنووسن، ئەگەر دەیانەوی با بە بنەمای لۆژیكی نووسنەكانی ئەم بەرێزە بێ كاریگەر بكەن، رەنگە دەسەڵات ئەم لا و ئەو لا نەزانێت نانبرای بكەن، بەڵام خۆ دەكرێ رۆشەنبیران بە ویژدانانە لە نێو دووتویێ نووسنەكانیان رەخنەكانیان بكەنە هۆكارێكی دیكەی بۆ بە پێز كردنی نووسینەكانی ئەم زاتە.
رەنگە لە گەل هەموو بیر ورای ورژێنراوی نێو نووسینەكانی ئەم بەرێزە نەبم، بەڵام ورژاندنی بابەتە مەترسیدارەكان، خۆی لە خۆیدا بە پێشینەكی پۆزەتیڤانە هەژمار دەكرێت بۆ خودی نووسەر.
لە نووسنەكانی ئەم بەرێزە جۆرە نوێكارییەك لە بیركردنەوە دا هەیە، كە پێم وایە لە نێو هەموو تاكێك ئەم جۆرە بیركردنەوە هەیە بەڵام بەهۆی هۆكارگەلێك لە ناو خودی خۆی خەفەی پێدەكات، كە ئەمەش هۆكارێكی گەورە دەبێت لە دروستبوونی كەسایەتییەكی دوورروو، من وای بۆ دەچم سەرخانی كۆمەلگاكەمان ئالوودەی ئەم دەردە پیسە بووە، كە نەك كۆمەلگایەكی دواكەتووی ئاوا وەك كۆمەلگای كوردەواری هێناوەتە ئاراوە، بەلكو كار وا بروات بە هۆیەوەی ئاییندەكەشی لە دەست دەدات. ئەرێ دەكرێت لە عارب عارەبتر بین، لە ئیسلامی عارب ئیسلامیتر بین، نازانم ئەو هەموو برایەتییە درۆیە بۆ، ئەم هەموو دوورووییە بۆ؟! كاتێ یەكێ دێت دەست لە سەر زامەكان دادەنێت بۆ رێزی لێنەگیرێت، بە لایەنی كەمەوە با لە لایەن رۆشەنفكران هانبدرێت بۆ زیاتر كاركردن لەسەر جەستەی ئەم كۆمەلگا نەخۆشە.
بێ رێزگرتن لە رای یەكدی و قەبولكردنی، ئەم جۆرە كەسایەتیانە وەك رۆشەنفكر و نووسەر حەمەسەعید دروست نابێ، گۆرەپانیش واڵا دەبێت بۆ بەناو نووسەر و رۆشەنفكرەكانی دەسەڵاتە نەخۆشەكە. كۆمەلگای نەخۆش هیچ وەبەرهەمناهێنێ بۆ حازر و ئاییندەی، جا بۆیە ئێمە وەكو كۆمەلگای كوردەواری بەبێ بوونی بیرو رای ئازاد وئازا ناگەینە پایەی وەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەكانی مرۆڤ.
لەگەل رێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو قەلەمە بوێرەكان.